**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (27)ی رۆژی (2007/6/19) ی خۆیدا، بریاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

## یاسای ژمارە( 17 )ی ساڵی / 2007

## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان ژمارە(9)ی ساڵی 2007

**ماددەی یەکەم:**

حوکمەکانی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 1999 هەموو کاروباری خاوەن شەهید وبزربووەکان وئەنفالکراوەکان لە هەڵمەتی کۆکوژی( کوردە فەیلیەکان و بارزانیەکان وقوربانییانی ئەنفال وچەکی کیمیایی لە هەڵەبجە وناوچەکانی تر و بزربووانی ماوەی راپەرینەکەی ئاداری1991 و کۆرەوە ملیۆنیەکەی دوای لە کوردستان ـ عیراق دەگرێتەوە، بەجۆرێکی وا کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ویاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007 ناکۆك نەبێ.

**ماددەی دووەم:**

کەس وکاری شەهیدان و بزربووان وئەنفالکراوەکان کە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە، بۆیان هەیە تانە لەوبریارانە بدەن لە بەردەم دادگا ولایەنە پەیوەندیدارەکان کە دەرحەقیان دەرچوون و لەگەڵ یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 1999 دا ناگونجێن و داوای راستکردنەوەی بارەکەیان بکەن ئەگەر بەڵگەیەك دەرکەوت ئەو مافە بچەسپێنێ.

**ماددەی سێیەم:**

هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو منداڵانەیان بەناوی خۆیان تۆمارکردووە کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لە لێپرسینەوەی یاسایی دەبووردرێن و سەر لە نوێ بە ناوی دایك وباوکی شەرعیان بەپێی داواکارییەك کە لە لایەن خاوەن بەرژەوەندی یاخود داواکاری گشتی پێشکەش کرابێ تۆماردەکرێن.

**ماددەی چوارەم:**

کەس وکاری ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە، لەگەڵ ئەوانەی هاریکارییان دەکەن لێ دەبووردرێن، ئەگەر زانیاری ناراستییان لە پێناوی پاراستنی ژیان و بەرژەوەندیی ئەوانەی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە پێشکەش کردبێ.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە لە رەسمی دادی ورەسمی پوول و ئەو غەرامەیەی کە یاسا کارپێکراوەکان دەسنیشانیان کردووە دەبووردرێن.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە وەزارەتی کاروباری شەهید و ئەنفالکراوەکان رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی هەشتەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

---

**تێبینی**: **ئەم یاسایە دوای پەسندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان – وە لەژمارە** (70) **ساڵی هەشتەم -ی رۆژی** 2007/7/11 **رۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بلاوکراوەتەوە**